# دوو کۆتری وەتەن

شیعری:حەمە کاکە ڕەش

بەرائەت نامەی خواوەند بۆ منالێک
کۆتری یەکەم:خوایە وەتەن ئاواکەی
کۆتری دووەم:وەتەن ئاواناکاو لە حەسرەتا ڕۆی
وەک تەمێک ئێرەی بەجێهێشت
خەمباربوو بەوەی هەروەتەن ئاواکاو
جەلادەکان وێرانیکەنەوە
دیسانەوە کۆتری یەکەم:خوایە وەتەن ئاواکەی
کۆتری دووەم :ئاوای ناکاو وەک هەڵمی دەریاکان
لێرە دوورکەوتەوە
وەک دوو تیشکە کاڵەکانی خۆر
لێرە دوورکەوتەوە
لەحەسرەتا ڕۆیی
بەرگەی مەرگی پەپوولەو گوڵ و گۆزە و کانی و ژن وجوانی  وباخ وبێستانی نەگرت
وەک بەفر بەسەر خۆیدا توایەوە
لەحەسرەتا ڕۆیی
بەناوی ئەوەوە، حەشرێکیان بەرپاکرد
بەناوی ئەوەوە،ژەهریان کردە ئینجانەی دڵی سۆفییەکانەوە
چاوی کانییەکانیان پڕکرد لە کۆنکرێت
مەمکی گوڵە نازنازەکانییان دەرخواردی سەگەکان دا
ئاوێنەی ماڵەکانییان پڕکرد ، لەتارمایی شپرزەبوون
قەڵەم چاوی کۆترەکان وهێلانەی پاسارییەکان ورەنگی تاوسەکانییان
فرێدایە ئاوەکانەوە
ئای چییان کرد! دەرگای هەموو جوانییەکیان شکان
بەبەرچاوی دارتووەکەی بەرماڵانەوە
گوێسووانەی مزگەوتەکانییان بە چۆلەکەکانەوە کوشت
بەبەرچاوی عاشقانی گوندەوە
قژی دارتووەکەی بەرماڵانییان، دەسکەنە کرد
بەبەرچاوی ئاسمانەوە
عاشقانییان دایە دەستی مردن و

وتیان: ها مردن ئەمانە بەرە چییان لێدەکەی بیکە
ئای چیان کرد!
شوانیان لە شمشاڵ و
شمشاڵیان لە دەشت و
دەشتیان لەمەڕو
مەڕیان لە خەیاڵی گیا دابڕی
دیسانەوە کۆتری یەکەم
دوای ئەم هەموو مەرگەساتە
دوای ئەم هەموو کارەساتە
خوایە بگەڕێوە، وەتەن ئاواکە وەتەن
وەتەن ئاواکە وەتەن وەتەن ئاواکە وەتەن
کۆتری دووەم وەتەن بۆکێ ئاواکە
بۆ گوڵ کوشتن، بۆ دڵ کوشتن
خواوەند وەتەن ئاواناکاو
ئێرەی دایە دەستی قەدەرو دێوەکان
لەحەسرەتا ڕۆیی
ڕۆی بۆ دوورگەکانی عەشق
بۆ ئاسمانەکانی خەیاڵ
بۆ دەریاکانی فڕین
بۆ باخچەکانی ڕووناکی
بۆ پێدەشتەکانی نێرگزو هەڵاڵە
بۆ چیمەنەکانی ڕەنگ و
بۆ کانییاوەکانی ورشەو
بۆ لای دارسێوەکانی مناڵی ڕۆیی
بەهانای گوڵێکەوە چوو، دڵی پڕبوو لە گریان
بەهانای گەڵایەکەوە چوو، وەرین بۆسەی بۆ نابووەوە
بەهانای مێرووڵەیەکەوە، کەلە شەپۆلی دەریایەکدا
خەریک بوو شێت بێت
بەهانای کۆترێکەوە، کە وەتەنی تەیکرد
درەختێکی نەدۆزییەوە، تا بیکاتە هێلانەو شەڕ وێرانی نەکردبێت
بەهانای پەپوولەیەکەوە چوو
بیری لەخۆکوشتن دەکردەوە
بەهانای ئەستێرەیەکەوە، دووکەڵ ئەیویست بیخنکێنێت

بەهانای مانگەوە چوو، مانگ لەوسەری بێهوودەییەوە
دەیووت: ئیتر خۆم لەدڵی هیچ ئاوێکدا نابینم
دەریاکان پڕن لە تەرم و خوێن
خواوەند ڕۆیی، دڵی منداڵێک باتەوە
ئەنفالی بۆ پێناسە بکات
بەرائەت نامەیەکی بۆ بنووسێت
منالێک لە بیابانەکانی ئەنفالەوە
وەک باران بەدوای ڕەشەباکاندا، ڕایدەکرد
ئەیزریکاند، توخوا بمنەنەوە بۆ ئامێزی سپی دایکم
توخوا بمبەنەوە، بۆ لای باوکم
توخوا بمبەنەوە، بۆلای کۆترو بووکەشووشەو
بەرخەکانی یاری کردن
توخوا بمبەنەوە
لەم بیابانەدا، ترس خەریکە دڵم بخوات
بەرائەت نامەی خواوەند، لێرەوە دەست پێدەکات
کەلەسەر سەرابی بیابان، بۆ ئەو منالەی نووسیبوو
ئەو منالەی لە بیابانەکانی ئەنفالەوە، هاواری دەکرد:توخوا بمبەنەوە
ئامێزی سپی دایکم
ترس خەریکە دڵم بخوات
خواوەند ئاوای بۆ نووسیبوو
ئەی پەپوولە، ئەی گوڵی ئاو، ئەی گەڵای تیشکەکانی خۆر
چۆن دڵم دێت، تۆو بووکەشووشەو کۆترو
سێو فڕێدەمە دۆزەخی ئەنفالەوە
دۆزەخی ئەنفال چییە؟
بەرگەی ئەوە ناگرم
گوڵە گیان، ئەی ئەستێرە خوێناوییەکە
بە دایکت، بە نیشتیمانەکەت بڵێ
بەکۆترە بێوەژنەکان بڵێ
خواوەند فەرموویەتی :ئەنفال پۆستاڵێکە عەگال بەسەر
پێ بەگوڵەکانی نێوان من و ئێوەدا دەنێ
ئەنفال تەورێکە، ئەو دارسێوانە لەت و پەت دەکا
کە ئێوە بەواندا ، دەهاتن بۆلای من و
منیش لەڕەنگی سێوێکەوە

خوڕخوڕ، دەڕژامە ڕوحی ئێوەوە
ئەنفال بەردێکە، ئاوێنەی ئەو کانییانە پەراش پەراش دەکات
کە ئێوە منتان تێدادەبینی و خۆتان لەبیر دەچوو
ئەنفال تەمێکە، ئەو پەنجەرانە دادەپۆشێت
کە ئێوە لەو پەنجەرانەوە، سەیری بارانتان دەکرد
تا دلۆپێک لە پێکەنینی من ببینن
ئەنفال ئاگرێکە ،نەعلەتی ئەو بەفرانە دەخواتەوە
کە ئێوە لەهەر کلویەکیدا، لە خەیاڵی گمنداوون دەبوون
ئەنفال پایزێکە، دڵی پڕە لەجەللاد
ئەو گەڵایانە دەوەرێنێ
کە ناوونیشانی پەپوولەو دارسێوەکانم لێ نووسیوون
تالەکاتی تەنیاییدا، خەمبارنەبن و
بەگەڵایەکدا نەچن، بۆ ماڵی پەپوولەکان و
سێوێک لە خەیاڵ وڕووناکی بخۆن
ئەنفال قڕکردنی شەهێن و بازو نەوڕەسەکان بوو
ئەو باڵندانەی، لەکاتی فڕێندا
ئێوە هەستتان دەکرد، بەشێکم لە خوێنتانا قوڵپ دەداو
بەشێکم، لەسەر برژانگی بازەکان دانیشتووە
ئەنفال بۆ سڕینەوەی ئێوە بوو بە ناوی منەوە
بۆ زیزبوونی ئێوەبوو لەمن
ئەنفال لافاوێکە لە لم، ئەو ماسییانە ڕادەماڵێ
کە ئێوە لە چریسکەی پوولەکەکانییاندا، دەڕژانە منەوە
ئەنفال گەردەلوولێکە، لە تاریکی
ئەنفال زریانێکە لە بەرد
دیوارێک لە نێوان من و ئێوەو مانگ و
ئەستێرەکاندا درووست دەکات
تا ئێوە لە ورشەی ئەستێرەکان و
لە تریفەی مانگدا، بۆمن نەگەڕێن و
بەکۆڵێک بێهوودەییەوە، بەکۆڵێک ئاخ و داخەوە
بڵێن ئاخ کەرامەتی نیشتیمانمان
بەقوبەکانی ئاسمانەوە هەڵواسرا
کۆتری یەکەم:خوایە وەتەن وێران کەی
کۆتری دووەم :خوایە وەتەن وێران کەی